کچە هونەرمەندی لوبنانی ریدا بوتروس بۆ گوڵان:

# کورد میللەتێکی خاوەن ئیرادە و دڵپاکە



کچە گۆرانیبێژی لوبنانی ریدا بوتروس یەکێکە لە کچە لوبنانییەکان کە لە لوبنانەوە هاتە نێو بواری گۆرانی، بەهرەیەکی هونەری زۆری هەیە کە خۆی لە دەنگی ناسك و جوانییە هێمنییەکەیەوە دیارە ریدا بوتروس لە ساڵی ١٩٧٣ لە دایکبووە، سەرەتای ناوبانگ دەرکردنی دەگەڕێتەوە بۆ کارکردنی لەگەڵ نینای خوشکی کە بەیەکەوە یەکەم دوانەی هونەرییان پێکهێنا لە وڵاتانی عەرەبی، ریدا و نینا لە ساڵی ١٩٩٥ یەکەم ئەلبوومی هاوبەشیان بڵاوکردەوە بە ناوی (لیالینا) دوای چەندین کاری دیکەی هاوبەش نیناو ریدا بوتروس جیا بوونەوە دوای ئەوەی نینا ژیانی هاوسەری هەڵبژارد و وازی لە هونەر هێنا و ئێستا لە ئەمریکا دەژیت.

دواتر ریدا بڕیاریدا بە تەنیا بەردەوام بێت لە گۆرانی گوتن بە شێوەیەکی جیاواز و نوێتر لە هەموو روویەکەوە، یەکەم دەرکەوتنیشی بە تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠١ لە ئاهەنگێکی کەناڵی ئێڵ بی سی و ئێستاش بەردەوامە لەسەر گۆرانی گوتن، لە رێگای تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە کرد بۆ ئەوەی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازبکەین بە خۆشحاڵییەوە رازی بوو و بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

**جۆرج و سوف هەڵیبژاردم**

*** حەز دەکەین باس لە ژیانی خۆتمان بۆ بکەیت و تەمەنی منداڵیت چۆن بوو؟**

- بە شـێوەیەکی سروشـتی ژیانی خۆم بەسـەر دەبەم، چونکە من کچێکی دڵخۆشم و ژیانم خۆش دەوێت، سەبارەت بە منداڵیشم وەک هەر کچێکی ئاسـایی بووە، بەڵام من هەندێك شەراوی بووم و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بووم.

*** ئایا سەرەتاکانی روو کردنە نێو بواری هونەری و گۆرانـی گوتن بۆ تۆ زەحمەت نەبوون؟**

- ژیانـی هونەرمەندان بە گشـتی زۆر سـەخت و زەحمەتە و تووشـی ئاستەنگ دەبێتـەوە، بـەڵام من کە دەسـتم بە کاری هونەری کـرد لەگەڵ نینای خوشـکم بە یەکەوە دەستمان پێکرد و توانیمان دووانەیەك پێك بهێنین کە بۆ ئەو کات گۆڕانکارییەکی زۆرمان لـە گۆرانیدا دروسـت کرد، هەر بۆیەش توانیمان بە یەکەوە سـەرکەوتنێکی بێ وێنە و هاوتا بەدەست بهێنین.

*** کێ پاڵپشتی کردی؟**

- زۆرن ئەو کەسـانەی کە لە سـەرەتاوە تا ئێسـتا پاڵپشـتییان کردووم و هانیاندام و رۆڵێکـی ئیجابییان هەبوو لـە ژیانی من بەتایبەتی کەسوکارم.

*** پێت وایە دەتوانـی بەردەوام لە بواری گۆرانی گوتن لەو کاتەی دەبینین ژمارەی گۆرانیبێژان بەتایبەتی لە لوبنان رۆژ دوای رۆژ لە زیادبووندایە؟**

- هـەر یەکێك لە ئێمـە تایبەتمەندی و لایەنی باش و هێڵی هونەری تایبەتی خۆی هەیە کە لەسەری دەڕوات و لە چوارچێوەی دەرناچێت، پێموایە منیش هێڵێکی تایبەت و ڕێگایەکی جیاوازیشـم لە هونەردا گرتووەتە بـەر کە یارمەتیم دەدات بـۆ ئەوەی بتوانم بەردەوام بم.

*** ئـەو هونەرمەنـدەی لە سـەرەتای کاروانی هونەریدایە پێویستی بە پشتگیری و دەستخۆشـی هونەرمەندانـی پێشـووتر و هونەرمەنـدە گەورەکان هەیـە، کێت ئەو هونەرمەندە گەورانەی کە هاوکار و پاڵپشتت بوون؟**

- پاڵپشتی نەبووە بەڵکو زیاتر هاریکاری بووە، من پێشتر لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگ کارم کردووە لە بواری هۆنراوە و ئاوازەوە، ئەمە سـەرەرای بوونی سـولتانی گۆرانی جۆرج وسـوف کـە منی لە زۆر هونەرمەندی دیکە جیا کردەوە و هەڵیبژاردم بۆ ئەوەی گۆرانی لەگەڵ بڵێم لە (الوسوف کلوب) کە ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند، بەم نزیکانە رێکلام ئەنجام دەدەم.

*** ئایا پشـتر بەشـداریت لە ریکلام یان پێشکەشکردنی نمایشی جلوبەرگدا کردووە؟**

-پرۆژەی بەشـداریکردن لـە ریکلام لە ئارادایە، بەڵام ئێستا لەو پرۆژانە دەکۆڵمەوە بزانم کامیان بۆ من گونجاون، سـەبارەت بە نمایشەکانی جلوبەرگیش پێموایە من ناتوانم ئەم کارە بکەم لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت بە خۆمەوە.

*** لەگەڵ کام کۆمپانیا کار دەکەیت، ئایا هیچ کۆمپانیا هەیـە کە داوای کاریان لێ کردبێت بۆ کار کـردن لەوانەش کۆمپانیای رۆتانا؟**

-من ئێسـتا خۆم کارەکانی خۆم بەرهەم دەهێنم واتە مـن بەرهەمهێنەری کارەکانی خۆیشـم، چونکە من بێزار بـووم لە فەوزا و بێسـەروبەری و گرفتە بێ کۆتاییەکانی کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـان، زۆر جـار کۆمپانیا جیاجیاکانـی بەرهەمهێنان داوام لێدەکەن کاریان لەگەڵدا بکەم، بەڵام من رەتی دەکەمەوە بۆ هیچ کەسێم ببم بە ژمارەیەکی بێ گرنگی پێدان و ئەنجام.

*** کێن ئـەو هونەرمەندانە (کچ و کوڕ) ئەوانەی زۆر خۆشت دەوێن و پەیوەندییەکی باشت لەگەڵیان هەیە؟**

- پەیوەندییەکی زۆر باشـم هەیە لەگەڵ هەموو هونەرمەنـدان هەیە بەبێ جیاوازی، بەڵام من نامەوێ بچمە نێو یاری ناوهێنانم بۆ کچە هونەرمەند هەیـە کاری وروژاندن دەکات.

*** ئایـا وروژانـدن و (اغـراء) هیـچ رۆڵێکی هەیە لە سەرخسـتن و دەرکەوتنی هونەرمەندی کچ؟**

- هەندێك لە ئافرەت و کچە هونەرمەندەکان هـەمن وروژاندن و (اغـراء) بەکاردەهێنن بۆ ناوبانگ پەیدا کـردن و هەندێکی دیکەش هەن بە سروشـتی خۆیان سەرنجراکێشـن بێ ئەوەی هیچ جولەیەکیـش ئەنجام بدەن یان قسەیەکی سـەرنجراکێش بڵێن لە کاتی گۆرانـی گوتندا، بێگومان زۆر جار جوانی کچە هونەرمەند یارمەتی دەدات بەتایبەتی ئەگەر ئەو هونەرمەندە سـەرنجراکێش بێت، بەڵام زۆر جاریش هەیە ئازاری پێدەگەیەنێت، چونکە دەیخاتە قاڵبێکی دیاریکراو و نەگۆڕ کە ناتوانێت لێی دەرچێت و خۆی لێ دەرباز بکات.

*** وەڵامت چی دەبێت بۆ ئەو کەسـانەی ئەگەر بەوە تۆمەتبارت بکەن کە پشـت بە روخسـار و جوانی خۆت دەبەسـتی نەك بە دەنگ و ئاستی هونەری؟**

-کەس منی بەمـە تۆمەتبار نەکردووە تا ئێستا، چونکە من ئێسـتا نییە هاتوومەتە نێو بواری گۆرانی گوتن ئەمەش بە قسەی من نییە بەڵکو بە شایەدی ژمارەیەکی زۆر لە گرنگترین ئاوازدانەرەکان ( من چی بکەم ئەگەر رووخسارم جوان بێت؟ خۆم ناشرین کەم



و چیتر جوان نەبم تا دڵیان خۆش بێت؟!)

*** جارێکیـان راتگەیاند بوو کە هەندێك کەس هەن دژایەتیـت دەکەن، کێن ئەوانەی دژایەتیـت دەکـەن و بەرای تـۆ ئەم کارە دەکەن؟**

- جا بۆبەشێکی قسەکانم بۆ ئەوان تەرخان بکەم؟ بێگومان ئەوانـەی ئەو جۆرە کارانە دەکەن شـایەنی ئەوە نین، با بە ویسـت و ئارەزووی خۆیان دژایەتی من بکەن و چییان بۆ دەکرێ بـا بیکەن،چونکە ئەوەی بە بروا بە خۆبوون و بەشێوەیەکی پیشەیی کارەکەی

بێزارم لە فەوزای ناو کۆمپانیاکانی هونەری



خۆی دەکات لە شەڕ و ئەم جۆرە ڕەفتارانە ناترسی بەڵکو زیاتر سور دەبی لەسەر ئەنجامدانی کارەکەی خۆی.

*** چ سوودێکت وەرگرت لە کار کردنت لەگەڵ هونەرمەند مەروان خوری؟**

- مەروان هاوڕێیەکی زۆر ئازیزی منە و زۆریشم خۆش دەوێت، بەڵام من ئەمڕۆ گلەیی ئەوەی لێدەکەم کە زۆر ئاگاداری هاوڕێیانی خۆی نییە، بۆیە داوای لێدەکەم وەکو جاران بگەڕێتەوە و ببێتەوە مەروانەکەی جاران (تۆزێك لە لەخۆبایی بوون دوور بکەوێتەوە).

*** ئایا هونەرمەند دەتوانێت لە یەك کاتدا ئەکتەر و گۆرانیبێژ بێت و لە هەردوو بواردا سەرکەوتوو بێت؟**

- بۆ نا پێم وایە ئاساییە، بە مەرجێك بەهرەی هەبێت، هەندێك نموونە هەیە کە هونەرمەندان توانیویان گۆرانیبێژ و ئەکتەر بن لە یەك کاتدا و سەرکەوتووش بن وەك شەحرورە (سەباح) و لەیلا موردا و چەندانی دیکە توانیویانە لە هەردوو بوارەکەدا سەرکەوتوو بن.

*** تۆ بیر لە سینەما ناکەیتەوە؟**

- من هەر کارێك ڕەت دەکەمەوە کە هەستی پێ نەکەم و هەوڵ دەدەم کارێك پێشکەش بکەم کە بەها و پێگەی هونەریم بەرز بکاتەوە، بێگومان ئەگەر کارێکی درامی یان سینەماییم پێشکەش بکەن و هەست بکەم شتێکی نوێ دەخاتە سەر کاروانی هونەری من ئەوا لاریم نییە و پێی ڕازی دەبم.

*** تۆ سوودت لە هونەری گەلانی دیکەی نا عەرەبی وەرگرتووە لە کارەکانی خۆتدا؟**

- بێگومان هەر کارێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە و زۆر شتی جیاوازی هەیە کە لە کارەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، بۆیە من سەیری کارە هونەرییە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکان دەکەم وەکو یەك بۆ ئەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆم فراوانتر بکەم و زانیاری زیاتر دەربارەی هونەر پەیدا بکەم

*** ئایا بڕوات بە شانس هەیە؟**

- ڕەنگە من لەم بوارەدا جیاواز بم لە زۆر ئافرەتا، چونکە ئافرەتان بەگشتی بڕوایەکی تەواویان بە شانس هەیە، بەڵام من لە دوور و نزیکەوە گرنگی بە شانس نادەم و سەردانی فالگرەوەکان ناکەم، هەروەها بڕوام بە ئەگەر و پێشهاتەکانیش نییە تەنیا گوێیان لێدەگرم.

*** لە ژیان چی فێر بووی کە لە بیری ناکەی؟**

- بێگومان مرۆڤ ڕۆژانە شتی نوێ لە ژیان فێر دەبێت و تووشی تاقیکردنەوەی نوێ دەبێتەوە، من بڕوایەکی زۆرم بە هەندێك کەس هەبوو تا وایان لێهات بتوانم کاریگەرییان بەسەر منەوە هەبێت و هەندێك بیروڕای بێ بنەمایان پێشکەش کردم ئەمەش بۆ من تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ بووە.

***بۆچی ماوەیەك دەردەکەوی بە کارێکی نوێ دواتر بۆ ماوەیەك ون دەبی ئایا هۆکارەکانی ئەم ون بوونە چییە؟**

- چونکە من بەر لە بڵاوکردنەوە و تۆمار کردنی هەر کارێك زۆر دوو دڵم لە هەڵبژاردنی کارەکان و زۆریش بیر دەکەمەوە، هەروەها من مرۆڤێکم زۆر شت بە ویست و بۆچوونی خۆم کار دەکەم و زۆر بە قسە و ڕاوێژەوە کار ناکەم و مرۆڤیکی ( میزاجی )م.

*** ڕات چییە بەرامبەر بەم هونەرمەندانە:**

**- نەجوا کەرەم:** شانشینە.

**- ملحم بەرەکات:** مۆسیقارە، بەڵام من نامەوێ هیچی تر ئاوازی لێ وەربگرم.

**هەیفا وەهبی:** دیاردەیەکی بێ وێنە و ئاوازەیە.

**ئەلیسا:** سەرکەوتووە.

**فەزل شاکر:** شای ئیحساسە.

**عاسی ئەلحلانی:** سوارچاکی گۆرانییە.

**دیانا حەداد:** لە کوێیە؟ غەریبی دەکەین.

**یارا:** زیرەکە لە هەڵبژاردنەکانیدا.

*** دیارترین ئەو گرفتانەی تا ئێستا تووشت هاتوون چین؟**

- ئەو غەدر و خیانەتەی لە کار کردندا تووشیان بوومەتەوە.

*** جێگیر بوونی کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێکی هەیە لە سەرکەوتنی هونەرمەندان؟**

- زۆر گرنگە، چونکە وا لە هونەرمەند دەکات هەست بە دڵنیایی بکات و دەبێتە هۆکاری دابین کردنی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار.

*** چی دەزانی دەربارەی میللەتی کورد؟**

- میللەتێکی خاوەن ئیرادەیەکی بەهێزە لە هەمان کاتدا دڵ پاکە.

*** ئایا پێشتر گوێت لە هونەر و کلتووری کوردی بووە؟**

- بەداخەوە زۆر کەم، بەڵام من هیوادارم زیاتر شارستانیەت و هونەری کوردی بناسم ئەمەش بە هۆی ئێوەوە دەبێت.

*** ئاواتەکانت لە ژیاندا چین؟**

- تەندروستی باش بۆ خۆم و خزم و کەسەکانم و سەرکەوتنی بەردەوام.

*** دوایین وتەت چییە کە پێشکەشی خوێنەرانی گۆڤاری گوڵانی بکەی؟**

- زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە جوان و هیوادارم مایەی ڕەزامەندی خوێنەرە بەرێزەکانی گۆڤارەکەی ئێوە بم و بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوە دەکەم و هیوای ساغی و سەلامەتیتان بۆ دەخوازم.

**هیوادارم زیاتر هونەری کوردی بناسم**

ئەو فیلمانەی زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە لەم هەفتەیەدا

# مۆدی فیلمی ترسناک جارێکی تر هۆلیۆدی گرتەوە

فیلمی " The Final Destination" وەك هەندێك لە فیلمە بەهێزەکانی تر لەماوەی سێ رۆژدا توانی بەبڕی ٢٨،٣٣٥ملیۆن دۆلار پلەی یەکەمی باشترین فیلمە پڕداهاتەکان بەدەست بێنێت.

The Final Destination فیلمێکی ترسناکە و لەو فیلمانەیە کەنابێت کەسانی خوار تەمەنی گەورەبوون تەماشای بکەن، فیلمەکەش رووداوەکانی بەوشێوەیە دەست پێ دەکات کاتێك مێرمنداڵێك ئاگاداری هاوڕێکانی دەکات کەوا ئاگایان لەخۆیان بێت لە پێکدادانی سەیارەکەیان، چونکە دەبێتە هۆی کوشتنیان بەشێوەیەکی خراپ. جێی سەرنجە ئەم ئاگادارکردنەوەیە سەرەتایەکە بۆ یەکەیەك کوشتنیان نەوەك رزگار بوون ...

فیلمەکە لەدەرهێنانی "دیڤد ئارِ" و پاڵەوانانی فیلمەکەش: (بۆبی کامبۆ، چانتڵ ڤانسانتن، نیك زانۆ، هالی وێب، میکلتی ویلسۆن، کریستا ئیلین...)

**ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکا بەپێی پەیداکردنی زۆرترین داهات:**

١- The Final Destination ((٢٨،٣٣٥ ملیۆن دۆلار

٢- Inglourious Basterds ((٢٠،٠٤١ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە هەفتەی دووەمە بەژداری دەکات لەهەفتەی یەکەمیدا توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت، و تائێستا ٧٣،٧٦٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە باس لەگروپێکی چەکداری ئەمەریکی بەجەرگ و زۆر بەتوانا دەکات کەبەرەگەز جولەکەن، و هەڵبژێردراون بۆ ترس خستنە دڵی نازێکانی ئەڵمان لەکاتی داگیرکردنیان بۆ وڵاتی فەرەنسا، ئەمەش لەجەنگی جیهانی دووەم؛ و کردارەکەشیان ئەوەیە کەوا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەڵمانێکان دەفڕێنن و زۆر بە دڕندانە دەیانکوژن و پاشان لەشوێن رێی سوپای ئەڵمان دایدەنێن. لەکاتی ئەم راوکردنەیان بۆ ئەڵمانێکان چاویان بە ئافرەتێکی فەرەنسایی جولەکە دەکەوێت کەوا بەڕێوەبەری هۆڵێکی سینەماییە و سوپای ئەڵمانیش زۆر سەردانی دەکەن...

٣- Halloween II) ١٧،٤٠٥) ملیۆن دۆلار

دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست هێنا، چیرۆکە ترسناکەکەی "هالۆیین" درێژەی کێشا و بەشی دووەمی بەرهەم هێنرا، هەفتەی یەکەمێتی بەژدار دەکات، و ئەم داهاتەی بەسێ رۆژ کۆکردۆتەوە. لە دەستپێکی فیلمەکە "لۆری" زۆر کۆشش ئەکات تاوەکو لەدەست برا دڕندەکەی رزگاری بێت، بەڵام مایکلی برای بیر لەوە دەکاتەوە جارێکی تر پێکەوە بژینەوە.

٤- DISTRICT 9) ١٠،٢٧٠) ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە هەفتەی سێیەمە بەژداری دەکات هەفتەی پێشو پلەی دووەمی بەدەست هێنابو، و تائیستا ٩٠،٣٨٣ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

ئەم فیلمە لەو فیلمانەیە کە پێیان دەوترێ "خەیاڵی زانستی" باس لە کۆمەڵێك بونەوەر دەکات کە لەهەسارەیەکی ترەوە هاتونەتە سەر زەوی و لەیەکێك لەگەڕەکە فەقیرەکانی ئەمەریکا دەژین، و بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن یەکێك لەئاژانسەکانی ئەمەریکا دەیاندۆزێتەوە و بەتەکنەلۆجیای سەردەم دەتوانێت بەسەریان زاڵ بێت.

٥- G.I. Joe: The Rise of Cobra) ٧،٧١٥ ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە هەفتەی چوارەمە بەژداری دەکات، لەهەفتەی یەکەمیدا توانی پلەی یەکەم بەدەست بێنێت، و تائێستا ١٣٢،١٥١ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

فیلمەکە باس لە کۆمەڵێکی لێهاتو ئەکات لە سوپا بەناوی G.I. Joe بەرەنگاری رێکخراوێکی دڕندەو شەڕەنگێز دەکەن، و سەرۆکی رێکخراوەکە بازرگانێکی چەك و تەقەمەنییە.

٦- Julie & Julia) ٧،٠٣٥) ملیۆن دۆلار

چوار هەفتەیە ئەم فیلمە بەژداری دەکات، لەهەفتەی یەکەمیدا پلەی یەکەمی بەدەست هێنابو، هەفتەی پێشوش پێنجەم بو. فیلمەکە تائێستا ٧٠،٦٢٨ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

٧- The Time Traveler's Wife) ٦،٤٥٢ ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە هەفتەی سێیەمە بەژداری دەکات، هەفتەی پێشو پلەی چوارەمی بەدەست هێنابو، تا ئێستا ٤٧،٩٠٠ ملیۆن دۆلاری کۆکردۆتەوە.

٨- SHORTS)) ٤،٥١١ ملیۆن دۆلار

ئەم فیلمە تەنها دوو هەفتەیە بەژداری دەکات هەفتەی پێشو پلەی شەشەمی بەدەست هێنابو، تائێستا توانیویەتی ١٣،٢٠٦ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە.


٩- Taking Woodstock) ٣،٤٥٧ ملیۆن دۆلار

فیلمی کۆمیدی Taking Woodstock یەکەم هەفتەیە بەژداری سینەماکانی ئەمەریکا دەکات، و ئەو بڕە پارەیەی بەچوار رۆژ پەیدا کردووە.

١٠- G-Force)) ٢،٨٢٤ ملیۆن دۆلار

فیلمی ئەنیمەیشن "G-Force"هەفتەی شەشەمە ئەم فیلمە بەژداری کردووە، هەفتەی پێشو حەفتەمی پێشبڕکێیەکە بو، تائێستا ١١١،٧٨٠ ملیۆن دۆلاری بەدەست هێناوە.

"دوا ئاڕاستە" زۆرترین داهاتی کۆکردەوە و هاری پۆتەریش لە ململانێکە دەرچوو
















# مەینەتییەکانی ڕۆژنامەنووسان لە زنجیرەیەکی ڕەمەزان

**یەکێک لە دراما سەرنجڕاکێشە عەرەبییەکانی مانگی ڕەمەزان کە لە کەناڵی ڕۆتانا خەلیجییە نمایش دەکرێت زنجیرەی ( هدوء نسبی)ـە و تا ئێستا بە پێی سەرژمێرییەکان زۆرترین جەماوەری هەیە، چونکە باس لە بارودۆخی عێراقییەکان دەکات لەگەڵ ئەو گیروگرفتانەی کە ڕۆژنامەنووسان دووچاری دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیان لە عێراق و زۆر جار دەبنە قوربانی.**




ژمارە (٧٤٨)
٢٠٠٩/٩/٧




### بەعس و چاودێری کردنی دوو ڕۆژنامەنووس

زنجیرەکە باس لە دوو ڕۆژنامەنووس دەکات ( نیللی کەریم-ناهد و عابد فەهد- ناجی ) کە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەیە، ناجی لەبەر خۆشەویستی بۆ ناهد ڕوو لە عێراق دەکات چونکە ناهد پێشتر ڕووی لە عێراق کردبوو بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ دوای ئەوەی بە یەك دەگەن ڕووداوەکانی شەڕ و خۆشەویستی دەست پێدەکات، ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە هەست بە ئازارەکانی عێراقییەکان دەکەن و هاوسۆزی خۆیان بۆیان دەردەبڕن لە کاتی ئابلۆقەی ئابووری لەسەردەمی حوکمی سەدام حوسێن و لەکاتی دەستپێکردنی جەنگ، ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە وەك چەندین ڕۆژنامەنووسی دیکە دەست دەکەن بە کارەکەی خۆیان و خۆ ئامادە کردن بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی، بەڵام دەکەونە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییە عێراقییەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس بەر لە هەڵگیرسانی جەنگەکە دواتریش دەکەونە ژێر چاودێری هێزە ئەمریکییەکان و زۆر جار هەندێکیان تووشی گرتن و ڕاوەدوونان و تەنانەت کوشتنیش دەبنەوە.

نیللی کەریم کە ڕۆڵی کچە ڕۆژنامەنووسێك دەبینی دەڵێ : هەرچەندە من پێشتر بەشداریم لە چەند درامایەکی تەلەفزیۆنیدا کردووە، بەڵام (هدوء نسبی)بە سەرەتایەکی ڕاستەقینەی خۆمی دەزانم و جیاوازە لە گەشت کارەکانی دیکەم لە بەها هونەرییەکی و ئەو ئەرکە زۆرەی کە کێشامان لە کاتی وێنەگرتنیدا، چونکە لە زۆر شوێنی سەخت و ناخۆش وێنەی گیراوە و لە کەشوهەوای جودای ناخۆش، دەربارەی ڕۆڵی خۆیشی نیللی کەریم دەڵێ: ڕۆڵی (ناهد خەیری ) کە کچە ڕۆژنامەنووسێکە تیشك دەخاتە سەر قەبارەی ئەو سووکایەتی پێکردن و مەترسیانەی کە دووچاری ڕۆژنامەنووسان دەبێتەوە بەتایبەتی ئافرەتەکان لەو شوێنانەی کە شەڕ و ئاژاوەی تێدایە، چونکە تووشی گرتن و ڕفاندن دەبێتە لە لایەن پیاوەکانی سەدام حوسێن کە جگە لەوە هەرەشەی کوشتنیشی لێدەکەن ئەگەر بە بەباشی لەسەریان نەنووسی دواتر لە لایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە تووشی هەمان گرفت دەبێتەوە، نیللی هەروەها گوتی: هەوڵی گێڕانەوەی متمانە دەدەم بۆ ئافرەتە ڕۆژنامەنووسەکان دوای ئەوەی لە دەستیان داوە و باس لەو ئازار و ئەشکەنجە و کوشتن دەکات لە کاتی جەنگەکاندا دووچاری دەبنەوە و نیشانی جیهانی بدات بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری مەینەتییەکانیان بن بەتایبەتی لە عێراق کە تا ئێستا ژمارەیەکیان لەو وڵاتە کوژراون.





### دراما نەك دیكیۆمێنت

شەوقی ماجری كە دەرهێنەری زنجیرەكەیە و خەڵكی وڵاتی تونسە رایگەیاند:دەمەوێ لە رێگای ئەم درامایەوە بەشداری لە كێشەیەكدا بكەم كە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندووە و زیاتر گوتی :ئەم كارە درامایە نەك دیكیۆمێنت و زۆریش گرنگی بە لایەنی مرۆڤایەتی دەدەم و زۆر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ رووداوەكاندا كردووە و زۆریش بە وردی چووەتە ناو رووداوەكان بۆ ئەوەی بتوانێت تا دوورترین رادە بێلایەنی خۆی بپارێزێت و كارەكەی نەكەوێتە بەرژەوەندی لایەنێك لە دژی لایەنێكی دیكە كە لە شەڕی عێراقدا بەشدارن، ماجری ئەوەشی راگەیان كە هەستاوە بە دووبارە دارشتنەوەی رووداوەكانی جەنگی عێراق وەكو خۆی ئەمەش كاتێكی زۆری ویست لە خۆ ئامادەكردن و هەڵبژاردنی كەسایەتییەكان بۆ ئەوەی كارەكەی پوچ و بێ مانا نەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو واقعەی كە هەیە لە بەرامبەریشدا بۆ ئەوەی زۆر توند و درندە نەبێت وەك ئەوەی كە لە ئاژانسەكانی هەواڵ و كەناڵەكانی هەواڵی عەرەبی و جیهانی نیشان دەدرێت.

### بودجەی زنجیرەكە ٤ ملیۆن دۆلارە

عابد فەهد كە ئەكتەرێكی سووری بەناوبانگە و زیاتر بەشداری لەو كارانەدا دەكات كە سەرنجراكێشە و تەنانەت زۆر جار مشتومڕ و گرفتیشی ناوەتەوە وەك ( زیر سالم و حەجاج و رێگا بەرەو كابول و دعاە علی ابواب جهنم) ئەم زنجیرەیە بە ورد وەسف دەكات و دەڵێ: كارێكی زۆر وردە هۆكارەكەش بۆ توانا و بەهرەی نووسەر خالید خەلیفە دەگەڕێتەوە، كە زۆر بە وردیو بەشێوەیەكی پیشەگەرانە مامەڵەی لەگەڵ رووداوەكاندا كردووە، دەربارەی رۆڵەكە عابد فەهد دەڵێ: رۆڵی ( ناجی ) كە رۆژنامەنووسێكە لە مردن ناترسێت لە هەمان كاتدا عاشقە و باوكیشە و تامەزۆری بیستنی دەنگی كوڕەكەیەتی لە رێگای تەلەفۆنەوە، عابد هەروەها دەڵێ: كار كردن لە كاتی وێنەگرتندا زۆر سەخت و زەحمەت بوو، چونكە لەژێر پلەیەكی گەرمای زۆر بەرزدا وێنەمان دەگرت و مەترسییەكی زۆریش هەبوو لەكاتی ئەنجامدانی دیمەنەكانی جەنگ كە زۆر جار دەبووە هۆی بریندار بوونی چەند كەسێكی تیمی وێنەگرتن یان ئەكتەرەكان.

لەم زنجیرە درامایەدا ٢٧٣ ئەكتەر بەشدارن لەنێوان كەسایەتی سەرەكی و ناوەندی كە هی زۆربەی وڵاتە عەرەبییەكان و غەیرە عەرەبن لەوانە میسری و سوری و وڵاتانی كەنداو و تونس و ئێران ئەمریكا و فەرەنسا و عێراق و ئوردن و زنجیرەكە لە چەندین وڵات وێنەی گیراوە لەوانە میسر و بەشێكی زۆری لە شاری تەدموری سوریا، چونكەدیمەنەكانی زۆر لە عێراقەوە نزیكن و بودجەكەی گەیشتە چوار ملیۆن دۆلاری ئەمریكی، چونكە هەندێك ئۆتۆمبیل و تانكی هاوشێوەی ئەوانەی ئەمریكییەكان لە جەنگەكەدا بەكاریانهێنان دروستكران سەرەڕای ئۆتۆمبیل و كەشتی زۆر كە لە كاتی وێنەگرتندا سووتێنران.





# جگەر خوێن لە دیاربەكرە

ئەنجومەنی شارەوانی پارتی كۆمەڵگەی دیموكراتی DTP شاری دیاربەكر ناوەندێكی چاند و هونەری دامەزراند و بڕیاریدا ئەو ناوەندە بەناوی شاعیری ناوداری كورد جگەرخوێن بكات. لەمبارەیەوە فەرت ئاسڵان رۆژنامەنووسی رۆژنامەی میلییەت رایگەیاند پاش ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو بڕیارەی وەرگرت، سەردانی




قایمقامییەتی دیاربەكریان كرد تاكو بەشێوەیەكی رەسمی بڕیارەكە قەبوڵ بكرێت.

رۆژنامەكە نووسیویەتی: "لەبەر ئەوەی ماوەی ٦ مانگە هێشتا وەڵامی نووسراوەكەی شارەوانی دیاربەكر نەدراوەتەوە، سەبارەت بە دانانی ناوی جگەرخوێن بۆ ئەو ناوەندە، ئەوا شارەوانی كایا پنار بە ئیرادە و خواستی خۆی ناوی (ناوەندی هونەری جگەرخوێن بۆ لاوان) لە بارەگاكە جێگیر كردووە.

پەیوەست بەم مژارە، سەباحەددین دینچ جێگری سەرۆكی شارەوانی ناوبراو لەلێدوانێكیدا روونیكردەوە (ئێمە چاوەڕێی دەكەین كە قایمقامییەت لە چوارچێوەی سیاسەتی "كرانەوە بە رووی كوردان" بڕیارێكی گرنگ بدات بەدانانی ناوی جگەرخوێن بۆ ناوەندەكە. جێی باسە ئەگەرچی هەوڵەكانی حكومەتی توركیا بۆ كرانەوە بە رووی كوردان بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا ناوی كوردی قەبوڵ ناكرێت لە شوێنە گشتییەكان بنرێت، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی بە پێچەوانەی زمانی فەرمی دەوڵەتە، كە لە دەستووردا هاتووە.





# دەریا خالید بۆ گوڵان:
# لە کلتووری بەجێماو رزگارمان نەبووە

**هونەرمەند دەریا خالید ساڵانێکە لە خزمەت هونەری گورانی و موسیقا کار دەکات و توانیوویەتی وەکو ئافرەتیکی کارامە لەو بوارەدا سەرکەوتوو بێت و خاوەن ئەدا و دەنگێکی خۆشە، هەر بۆیە توانیوویەتی جەماوەرێکی زۆر لە دەوری دەنگە خۆشەکەی خۆی کۆ بکاتەوە، هەرچەند دەریا کەم کەم دەردەکەوێ، بەڵام پێم وایە کەوا ئەم هەر کاتێك دەرکەوت دەبێت پەیامێکی جوان و پوخت بگەیەنێتە هەوادارانی گورانی کوردی بۆیە ئێمە وەکو گوڤاری گوڵان هەوڵمان دا کەوا هونەرمەند بە چەند پرسیارێك بەسەر بکەینەوە.**

دیمانە: سۆران مارف
soran_marf@yahoo.com

*** دەریـا خالید چۆن باس لە سەرەتاکانی ژیانی خۆی و سەرەتای ئاوێتە بوونی بە دنیای هونەر دەکات ؟**

- وەك زۆربەی هونەرمەندان سەرەتای کاری هونەیم دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی منداڵیم، لە کاتی پشووەکانی هاویندا دەچوم بۆ خولی فێر بوونی مۆسیقا لە کۆتالی خولەکەدا فیستیڤاڵمان پێشکەش دەکرد، دواتر دایکم لە ڕێکخراوێکی ئافرەتان کاری دەکرد بە حوکمی ئەوەوە دوو جاربەشداری پێکردم لەیادکردنەوە رۆژی ٦ حوزەیران کەڕۆژی جیهانی منداڵانە، پاشان دوای هاندانی بەردەوامی باوکم و دایکم یەکەم بەرهەمم تۆمار کرد بە ناوی (دابڕان) ئاوازی مامۆستا بەختیار عەبدوڵڵا بوو لە هۆنراوەی فۆلکلۆر، بەڵام من زیاتر بە گۆرانی دووەمم ناسرام کە گۆرانی (خەم) ە ئاوازی مامۆستا عەبدوڵڵا یە و هۆنراوەی ئەحمەد محەمەدە و ئێستاش خاوەنی ٦ کلیپم .

*** سەرەتا خانەوادەکەت چۆن لە بواری هونەرییان دەڕوانی ئایا ئاست نەبوون و گرفتیان بۆ تۆ دروست نەکرد بۆ ئەوەی روو لە بواری هونەری و گۆرانی بکەیت؟**

- نەخێر بە پێچەوانەوە دەتوانم بڵێم هۆی سەرکەوتن و بەردەوام بونم دەگەڕێتەوە بۆ هاندان و هاوکاری خێزانەکەم، رەنگە بۆ هەندێك کەس کۆمەڵگا و دایك و باوك رێگر بووبن، بەڵام بۆ من پێچەوانەیە.

*** چی گاریگەری لە سەر دەریا هەبوو لە بواری هونەری گۆرانیدا خۆت ببینێتەوە؟**

- هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد سەرەتای مناڵیم بەشداری کردنە لە بۆنەکاندا بۆیە خولیای من بۆ هونەری زیاتر هانیدام بۆ ئەوەی ئەو رێگایە بگرمە بەر

*** گۆرانی (لە ڕوخساری من مەڕوانە) تۆی بە جەماوەر ناساند ئایا ئەمە بۆ سەرکەوتنی گۆرانییەکە ناگەڕێتەوە وە تا چەند ئەم گۆرانییە لەگەڵ واقعی ژیانی تۆدا یەك دەگرێتەوە ؟**

- مەرج نییە هەموو کارێکی هونەری لەگەڵ ژیانی شەخسی هونەرمەند یەك بگرێتەوە وە ناشکری دەورنەبینری لە شێوە جیاوازەکاندا، راستە ئەم گۆرانییە رۆڵی هەبوو لەوەی جەماوەر زیاتر من بناسێت ئەمەش کارێکی ئاساییە.

***دەریا لە سەرەتای کاری هونەرییەوە چۆن بۆ ئایندەی هونەری خۆی دەڕوانێت ئایا توانیویەتی بناغەیەکی باش بۆ دروست کردنی هونەرێکی بە هێز پێشکەش بکات؟**

- هەرچەندە من پێم وایە هێشتا سەرەتاما و لە دەستپێکی کاری هونەریم لەگەڵ ئەوەشدا نەك نەم توانیوە و کاتێکی زۆریشی ئەوی بۆ ئەوەی بناغەیەکی باش بۆ کاری هونەری سەرکەوتوانە دابنێی کە جێگای خواستی خۆت بی و جەماوەر لێی رازی بێت، چونکە پێشکەش کردنی کارێکی هونەری یان دانانی بناغەیەکی هونەری پتەو و رەسەن کارێکی وا ئاسان نییە وەك هەندێك بیری لێدەکەنەوە.

*** وەکو ئافرەتێك تۆ چۆن لە ئاستی هونەری ئافرەت دەڕوانی؟**

- شانازی بە کاری هونەری هەموو ئافرەتێکەوە دەکەم نەك تەنها کاری هونەری بەڵکو هەموو کارەکانی تر کە ئافرەت رۆڵی تێدا دەبینی لە هەر شوێن و پلەیەك بە تایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمە کە خاوەن کلتوری داخراوین کە تا ئێستا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنان تەنها ژیانێکی سادەو ساکارەو کاری ناو ماڵە بۆیە دەست بردن بۆ کاری هونەری یان هەنگاونان بۆ کاری هونەری بۆ ژنان هێشتا کارێکی سەختە کە ئەمەش جۆرێکە لە بڕوا و متمانە بە خۆ بوون بۆیە دڵخۆشم بە بینینی هەموو کارێکی هونەری ژنان ئەگەر ئاستەکانیش جیاواز بن گرنگ خۆی هەیە و بوونی خۆی بسەلمێنێت.

*** ئاستەنگەکانی بەردەم هونەرمەندانی ئافرەت چین؟**

- وەکو لە پرسیاری ڕابردوو وەڵامم دایتەوە تاکو ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە نەیتوانیوە خۆی ڕزگار بکات لە کۆت و بەندی ئەو کلتورە داخراو و کۆنەی کە دەمێکە بۆمان جێماوە ئەم کلتورو دابونەریتە بۆتە سەرچاوەیەك یان بناغەیەك بۆ سەرچاوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینی یاسایی و ڕۆشنبیرەکان کە ئافرەت ناتوانێت بە سەرجەم ماف و ئارەزووەکانی خۆی ئاشنا بێ و هەوڵدان بۆ دەستە بەرکردنی، بۆیە ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی هەموو جۆرە ڕێگیرییەك و دروستکردنی ئاستەنگی جیاجیا بۆ هاتنە پێشەوەی ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا لەوانەش بواری هونەری.

*** کلیپەکانت لەڕووی هونەرییەوە سادەو ساکارن کەچی لە هەمان کاتیشدا جێی سەرنجی بینەر و جەماوەرن، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە ؟**

- من باوەڕم وایە هەر هونەرمەندێك بە کاری سادەو ساکار دەتوانێت گوزارشت لە ناخی سەرجەم ئاستەکانی کۆمەڵگا بکات،لە بەر ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵگایەکین ئاستی جیاوازی لایە بۆیە، هەرئاستەو هەڵسەنگاندنی خۆی دەبێت من بۆ خۆم ئەم کارانە بە جۆرێك لە سەرکەوتنی دەبینم لە کاری هونەری ئەمەش جێی خۆشحاڵی منە کە جۆرێکە لە هاندان بۆ هەوڵدان تاکو بتوانم لە دوارۆژدا کاری باشتر پێشکەش بە جەماوەر بکەم.

***هەندێك لایان وایە جیاوازی دەکرێت لە نێوان**

**هونەرمەندانی تۆ چی دەڵێیت ؟**

- بە دڵنیاییەوە جیاوازی هەیە ئەوە نکولی لێناکرێ بە پێی نزیکی لە هێزو لایەنێك یاخود بەرپرسێك یان دەسەڵات، کە ئەمەش کارێکی باش نییە بۆ بایەخ دان و پێگەیاندنی هەموو هونەرمەندان و نەهێشتنی جیاوازی پێویستە لە گرنگی پێدانی حیزبی و سیاسی دوور بکەوینەوە، پێویستە هەموو هونەرمەندێك سودمەند بێ لە هەر بایەخی پێدانێك یان کارێك کە بۆ هونەرمەندان بکرێت، ئەگەر مەبەستمان پێشخستنی هونەری کوردی بێت دەبێ بە یەك چاو سەیری هەموو هونەرمەندان بکرێت و هەر یەکیان بە گوێرەی توانا و ئەو کارەی پێشکەشی دەکات گرنگی پێ بدرێت.

***گرفتەکانی ئێوەی هونەرمەندانی تاراوگە چین؟**

- جگە لە سەرقاڵ بوونی ئێمەی هونەرمەندان بە ژیانی تایبەتی خۆمانەوە کە پێویستە کاتێکی زۆری خۆتی بۆ تەرخان بکەیت و کاتەکان بە پێی خواستی خۆت نییە و پێداویستییەکانی ژیان تەرخان و دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا نەبوونی پاڵپشت و هاوکاری و نەبوونی جێگایەك کێشەکان زیاتر دەکات، هەروەها پەرتەواز بوونی مۆزیك ژەنەکان و دوور بوونیان لە یەکتری یەکێکی دیکە لە گرفتە دیار و بەرچاوەکانمان، چونکە هەر یەکیان لە وڵاتێك نیشتەجێیە و کۆکردنەوەیان بۆ بەشداری کردن لە کارێکدا زۆر زەحمەتە و ئەرك و خەرجییەکی زۆری دەوێت.

*** چۆن پێناسەی عەشق دەکەیت؟**

- بێگومان مرۆڤ بە بێ عەشق مرۆڤێکی ئاسایی نییە و ژیانی کەموکورتی تێدایە، جا ئەو عەشقە هەر جۆرە عەشقێك بێت عەشق بۆ وڵات و نەتەوە عەشق بۆ هونەر یاخود عاشق بۆ کەسێکی دیکە، کەواتە عەشق هۆکاری بەردەوامی ژیانە.

*** تا چەند جوانی مەرجە بۆ هونەرمەندی ئافرەت؟**

- سەبارەت بەم پرسیارە من پێم جوانی لە ڕەفتارو لە هەڵسوکەوت و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ بەدی ئەکرێت نەك لە شێوە و روخسار، دەبێ مرۆڤ لە ناخییەوە جوانییەك هەبێت.

*** ئێستا چ پرۆژەو بەرنامەیەکی هونەریت هەیە؟**

- دوا بەرهەمم گۆرانیەکە بەناوی (قەدەر) هۆنەری بەختیار فەرەجە و ئاوازی کاك جیهان ئیبراهیم خەیاتە کاری میوزك کاك ئاری ئەحمەد ئامادەی کردووە هیوادارم لە داهاتودا کاری وێنەگرتنی بۆ ئەنجام بدەم و پێشکەش بە جەماوەری بکەم.

# ڕۆژە سەوزەکانی ئێران لە ڤینیسیا



بڕیار وایە لە لە خولی شەست و شەشەمینی فیستیڤاڵی ڤینسیای سینەمایی نوێترین فیلمی کچە دەرهێنەری ئێرانی هانا مەخمەلباف نمایش بکرێت، بەپێی ڕاگەیاندنی سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵەکە ئەم فیلمە لە شێوەی فیلمێکی دیکۆمێنتیە و باس لەو ڕووداوانە دەکات کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی سەرۆکایەتی ئێرانی ڕوویاندا و ئێرانی هەژاند.

لەمبارەیەوە قسەکەرێك بەناوی فیستیڤاڵەکەوە گوتی، زۆربەی زۆری فیلمەکان گەیشتوونەتە ئیتالیا، سەبارەت بە فیلمە ئێرانییەکەش ئێستا گەیشتووەتە قۆناغی مۆنتاژ و هانا خەریکی مونتاژ کردنیەتی لە شوێنێکی نهێنی لەترسی دەزگای چاودێری ئێرانی، ئەم فیلمە کە بۆ یەکەم جار لە فیستیڤاڵەکە نمایش دەکرێت بەناوی (ڕۆژە سەوزەکان) وپێکدێت لە چەند دیمەنێکی دیکیۆمێنتی کە لەکاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران گیراون، لەسەرەتای خۆنیشاندانەکانی تاران، هەروەها لە چەند دیمەنێکی دیکە پێکدێت کە دیمەنی خەیاڵاوین دەربارەی بارودۆخی ئافرەتان لە ئێران، قسەکەرەکە ئەوەشی ڕاگەیاند فیستیڤاڵەکە تا ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت.

هانا مەخمەلبافی دەرهێنەر دەربارەی فیلمەکەی دەڵێ: ئەم فیلمە کۆمەڵگای ئێرانی نیشان دەدات کە سەرەڕای هیواو ئاوات و گومانەکان بە قۆناغێکی شۆڕشگێڕیدا تێپەڕ دەبێت، ئەویش لە ڕێگای کچێکی ئێرانییەوە کە بە بارودۆخێکی سەختدا دەڕوات و هەست بە بێزاری دەکات ئەم کچە لەناکاو خۆی لەناو چەند ڕووداو و پێشهاتی سیاسیدا دەدۆزێتەوە کە لە خەیاڵیدا نەبوون و بیری لێیان نەدەکردەوە. هانا لە خانەوادەیەکدا پەروەردە بووە کە بەناوبانگە بە دەرکەوتنی سینەماکاری گەورە و جیهانی لەوانە موحسن مەخمەلبافی باوکی دەرهێنەر و قسەکەری ڕەسمی سەرکردەی چاکسازی ئێران میرحوسێن موسەوییە، هەروەها سەمیرای خوشکیشی یەکێکە لە سینەماکارە بەناوبانگەکانی ئێران و تا ئێستا تا چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە. هانا مەخمەلباف لە ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی (شێری کریستالی ) لە فیستیڤاڵی بەرلینی سینەمایی بەدەستهێنا بە فیلمی (دەفتەر)، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٣ کە ئەو کات تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵ بوو بەشداری لە فیستیڤاڵی (ڤینسیا ) دا کرد بە یەکەم فیلمی درێژ بەناوی (خۆشی شێتی ).

**بێزاری کۆمەڵگە لە فیلمێکی نوێی ئێراندا**